# وێنەی ساڵ



**حەمەفەریق حەسەن**

هەفتەی ڕابوردوو، ڕێکخراوی (یونسێف)ی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، کە تایبەتە بە هاریکاریی منداڵان. ئەم وێنەیەی بەناوی (وێنەی ساڵ)ەوە بە دنیادا پەخشکرد. وێنەی نیشانەکردنی (غولام)ە کە پاشناوی بووکێکی (11) ساڵانە لە (محەمەد)ی تەمەن (40) ساڵان. واتە جیاوازیی تەمەنیان (29) ساڵە! ئەم وێنەیە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی (ئوەبان)ی دانیمارکییەوە دەگوێزمەوە. لێرەدا (میکایل لوند)ی ڕۆژنامەنووس بەسەردێڕی ((غولامی یانزە ساڵان دەبێ شوو بە پیرەمێردێک بکات!)) وتارێکی لەسەر ئەم بابەتە ورووژێنەرە نووسیوە.

لە وتارەکەدا هاتووە، کە ئەم کیژۆڵەیە بەزۆر دراوە بەم پیاوە ڕیشنە و وێنەکە بۆخۆی دەدوێ. بووک بێتاقەتە و بە تیلەی چاو سەرنجی پیاوەکەی یان چارەنووسی خۆی دەدا. جیاوازیی تەمەنیان هێجگار زۆرە. (حەمە!) ڕیشێکی درێژ و پێستێکی بەچرچ و لۆچی هەیە، زیاتر وەک پیرێکی (70) ساڵی بەدیاردەکەوێ. ئەم وێنەیە لەلایەن وێنەگری ئەمریکایی (ستیفانی سینکلایر)ەوە گیراوە. ستیفانی، لەکاتی وێنەگرتندا لەبووکێی پرسیوە ((هەست بەچی دەکەی؟)) بووکێش بە توورەییەوە وتوویەتی: ((من بەهیچ جۆرێک ئەم پیاوە ناناسم، ئیدی هەست بەچی بکەم؟))

گوایە مەبەستی (یونسێف) لە بڵاوکردنەوەی ئەم وێنەیە ئەوەیە تاکو سەرنجی دنیا بۆ ئەو دیاردەیە ڕابکێشێ، کە بە ملیۆنان کێژۆڵەی وردیلە بەزۆر لە پیرەمێردان مارەدەکرێن. لە ئەفغانستاندا، نیوەی ئەو کچانەی بەمێرد دەدرێن تەمەنیان لەخوار (18)ساڵەوەیە.

تازە درەنگە و ناتوانرێ هیچ بۆ غولامی یانزە ساڵە بکرێ. ئەو شووی بەمحەمەدی پیر کردو بڕایەوە. بەڵام کاتێک وێنەگر لە باب و دایکی کیژۆڵەکەی پرسیوە، بۆچی وا زوو بەمێردتان دا؟ ئەوان لە کورتی بڕیوویانەتەوە: ((ئێمە پێویستمان بەپارەیە!)) ئەم وەڵامەش لە گوندێکی گچکەی ئەفغانستاندا تەواو ئاساییە.

لە کۆتاییدا هەندێ زانیاریی لەمەڕ بەشوودانی کیژانی کەم تەمەن بڵاوکراوەتەوە:

* (51) ملیۆن ژن لەدنیادا ناچارکراون بەتەمی خوار (19) ساڵی شووبکەن.

* زەماوەندی منداڵان لەباشووری ئاسیادا زۆر بڵاوە. بەتایبەت لەوڵاتانی (هیندوستان و پاکستان و ئەفغانستان)

* لە ولایەتی (ڕاجستان)دا، پانزە دەرسەدی بووکەکان لەخوار تەمەنی (10) ساڵییەوەن.

* بەزۆری لەبەر هەژارییە کە زوو بەمێرد دەدرێن.

---------------------------------------------------------------------

**تێبینییەکی گرینگ**: ئەم وێنەیە لە لاپەڕەی یەکەمی (ئوەبان)ی ڕۆژی (12/19)دا بڵاوکراوەتە، کە ڕێکەوتی جەژنی قوربان دەکات.. پێدەچێ بەشێوەیەک لەشێوەکان، یان بابڵێم، بەتیزکردنەوە، لەبریی جەژنە پیرۆزە دایانبەزاندبێت! بەتایبەت زاواش محەمەدی ناوە!